Komala Party _ Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

## راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# مەحکووم کردنی جنێونامەی سەرکردایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لەم رۆژانەی دواییدا، یەکیك لە ئەفرادی سەرکردایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی کوردستانی ئەو حیزبە بەناوی "حەسەن رەحمان پەناه" نووسراوەیەکی لەسەر هاوڕێ ناسری حیسامی و لەسەر کۆمەڵە بڵاو کردۆتەوە کە پڕە لە جنێو و بوختانی شەخسی و قسەی ناراست و ژەهراوی. ئێمە وەڵامێك بە جنێونامە نزمەکەی حەسەن رەحمان پەناه و هاوبیرانی بەپێویست نازانین، بەڵکوو بەپێچەوانە، هەر چەندیش ئەوان تێبکۆشن، ناتوانن ئێمە بکێشنە ئەو مەیدانەی کە بۆخۆیان تێیدا بەهێزن، هەر ئەوەندە دەڵێین کە ئەم شێوە دووانە تەنیا ئاستی فەرهەنگی و ئەخلاقیی نزمی ئەو کەسە و حیزبەکەی بۆ رای گشتی دەردەخا و نیشانی دەدا کە رەوتێکی دۆڕاو و سەرلێشێواو وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تا چ رادەیەك لە هەموو پرەنسیپ و بەها ئەخلاقی و سیاسییەکان شۆراونەتەوە و چلۆن بێئاسۆیی و داتەپینی سیاسیی خۆیان بەم قسە سووك و بێبایەخانە قەرەبوو دەکەنەوە.

ئێمە وێڕای شەرمەزار کردنی ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی سەرکردایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دڵنیاین کە دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە و هەموو لایەن و کەسایەتییەکی دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازی کورد و ئێرانیش ئەم جۆرە کردەوەیە مەحکووم دەکەن. ئەو جنێوە قێزەونە شەخسییانەش نە دەتوانێ کەسایەتیی ناسراوی کاك ناسری حیسامی پەڵەدار بکا و نە خەوش دەخاتە سەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەڵکوو تەنیا خۆیانی زۆرتر پێ ریسوا دەبن.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٤، ٨ی بەفرانباری ١٣٨٣

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
**Tel: (0044704)3138499**
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**